موداخەلەی من لەسەر عنوانەکەیە، بەراستی بابەتەکەش حەسم کرایە پێش ئێستا وا بزانم لیژنەی قانونیش تەئیدی بابەتەکەی کرد بوو، ئەوە بەشێوەی بڕیار نەبێت بەشێوەی قانون بێت، چونکە تەعدیلی ئەحکامی قانونی عقوباتە نابێت بڕیار بێت، ئیتر وەک قاعیدەیەکی گشتی پەرلەمان ئیشی دەرکردنی قانون وقەراراتە بەشێوەیەکی ئیستیسنائی دەری دەکات، ئەگەر بێت و لە حالّەتێکی مەحدود بێت مەنحی سیقە بە حکومەت بدات یان سەحبی سیقەی لێ بکات یان

لیـژنەیەک دروست بکات لیـژنەکـانی دائیـمی دروست بکات، بەڕەئی من قـانونـی بێت، چونکە ئەگەر لیژنەی قـانونی تەئیدی ئەو ڕەئییەی کرد باوەڕ ناکەم پێویستی بە دەنگدان بێت، چونکە بابەتێکی قـانونی سرفە، ژمارەی فەقەرەکان بێتە گۆڕین ببێتە (المادة الاولی او المادة الثانیـة او المادة الثالثة..الخ)لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن:**

زۆر سوپاس، هیچ پێشنیارتان هەیە لەسەر ئەمە لیژنەی یاسایی، پێشنیارتان نییە، حکومەت.

**بەڕێز حـاکم نمر کـچـو هسـام(وزیری هەرێم):**

**بەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن.**

ئێمە پەسەندی دەکەین هەر چی گرنگ و مەزمونە بۆ ئێمە ئەگەر بە قەرار بێت یان قانون، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن:**

فەرموون بەندی ماددەکان بخوێنەوە.

**بەڕێز کـاکـەرەش مـحـمـد نقـشـبندی:**

**بەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن.**

إستناداً الی أحکام الفقره الاولی من المادة(٥٦)من القانون رقم(١) لسنة١٩٩٢ المعدل وبناءاً علی مـا عرضـه وزیر العـدل ووافق علیـه مـجلس الوزراء، قـرر المجلس الوطني لکوردسـتـان - العراق بجلسته المنعقدة بتأریخ / / إصدار القرار الآتي:

اولاً: یکون مقدار الغرامات المنصوص علیها في قانون العقوبات رقم(١١١) لسنة١٩٦٩ المعدل کالآتي:

١- في المخالفات لا تقل عن(٥٠)دیناراً ولا تزید علی (٣٠٠)دینار.

٢- في الجنح لا تقل عن(٣٠١) دینار ولا تزید عن(١٥٠٠)دینار.

٣- في الجنایات لا تقل عن (١٥٠١) دینار ولا یزید علی(٥٠٠٠)دینار.

**بەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن:**

زۆر سـوپاس، تکا لەو ئەندامـە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی یەکەم پەسـەند دەکەن دەسـتـیـان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، سێ ئەندامی بەڕێز پەسەندی ناکەن، بە زۆرینەی دەنگ ماددەی یەکەم وەرگیرا، ماددەی دووەم.

**بەڕێز مـحـمـد سـعـیـد أحـمـد یعـقـوبی:**

**بەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن.**

ثانیاً: تنزل المحکمـة من مبلغ الغرامة عشـرین دیناراً عن کل یوم یقـضیـة المحکوم علیـه في

التوقيف.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟، هیچ تێبینی نییە، کەواتە ماددەی دووەم دەخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی دووەم پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس ، ماددەی دووەم بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەی سێیەم.

**بەڕێز محمد سعید أحمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ثالثاً: اذا كانت الجريمة معاقباً عليها بالغرامة فقط فتكون مدة الحبس التي تقضي بها المحكمة في حالة عدم دفع الغرامة يوماً واحداً عن كل عشرين ديناراً على ان لا تزيد مدة الحبس في كل الاحوال عن سنتين.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئێمە پێشنیارێکمان هەیە لەسەر ئەو ماددەیە، بەرزترین غەرامە(٥٠٠٠) دینارە، دابەشی(٢٠)ی کەن (٢٥٠)ڕۆژ دەکات، ساڵێک ناکات، قەد بۆ دوو ساڵ دەرناچێت، حەددی ئەعلا هەر(٢٥٠)ڕۆژە، حاکم نمر، فەرموو.

**بەڕێز نمر کچو هسام(وەزیری هەرێم):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەڤە(٥٠٠٠)دینار حەددی ئەعلای داناوە، ئەڤە بۆ غەرامات موتەراکیمە، ئەگەر هاتوو موتەوالی غەرامات هەبوو، یەعنی (في حالة عدم دفع الغرامات فقط) نەک بۆ زەروورە، یەعنی دوو ساڵە، ئەگەر غەرامات هات (عن عدة جرائم) موحاکمە بوو و، متراکیم بوو، لەو کاتە دەتوانیت دووساڵ پتر نەبێت وەکو ئەوەی کابرایەک(٦٠)ساڵ حوکم دەدرێت، بەڵام نابێت سجن موئەبەد لە (٢٥)ساڵ پتر بێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاک فەرسەت فەرموو.

**بەڕێز فرست أحمد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەعقیبم لەسەر پێشنیارەکەی کاک نەمر هەیە ،یەعنی یەکێک(١٠) موخالەفەی کرد بێت، دوور نییە تاریخەکەش موختەلیف بێت، ئەو کاتە لە(١٠)موخالەفە هەر موخالەفەیەک سێ مانگ حەپس بوو، یان مانگێکی حەپس بوو، وەختی حەپس بە تەواوی تێپەڕیوە، بە تەداخوول

تەنفیزی ناکەین ئەو کاتە، بە ئاسایی بە تەعاقوبە، مادام بە تەعاقوب بێت بۆ غەرامە بە تەداخول بێت، لەبەر ئەوە من نازانم وەڵامی چیە؟ لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، هیچ تەعقیب هەیە، فەرموو حاکم نمر.

**بەڕێز نمر کچو هسام(وزیری هەرێم):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەو تەداخول و ئەو ئیشکالە پێویست ناکات، چونکە شتەکە وازیحە، بەنیسبەت بە تەعاقوب شتەکی واریدە، بەڵام ئەڤە بۆ حاڵەتی غەرامە ئیستیسناء نەهاتیە، غەرامە ئەگەر هاتوو(٥٠٠٠) دینار بوو، نەک بۆ زەروورەت هەتا دوو ساڵ، بەڵام لەوانەیە ئەوی تر ببێتە(١٠٠٠٠)دینار، ئەگەر هاتوو بە تەعاقوب نەدات غەرامە هەردوو عقوبە ئەوە دوو ساڵ تێدەپەڕێت، هەتا عقوبەی قانونی کۆنیش وایە، هیچ ئیزافاتی نەکردیە، ئەو نیسبەی تەناسیبی نەهێنێتە بەرچاو، ئیتر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چونکە ئەو حەپسی وتوە، چونکە حەپس یەعنی جونح، جونح حەددی ئەعلای(١٥٠٠)دینارە، ئەبێت چەند جونحی کرد بێت تاکو دوو ساڵ حەپسی بکەی، (١٠)زیاتر تەقریبەن.

**بەڕێز نمر کچو هسام(وزیری هەرێم):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەڤە ئیشارەت پێدا، ئەم موقارەنە بۆ بکەی یەعنی غەرامە و ئەوی تر، یەعنی ئەو غەرامەی بەو شێوەیە دانەنراوە کو بۆ نمونە عقوبەی جونح پێنج ساڵە پێنج ساڵ ئەگەر لەگەڵ(٢٠) لێک بدەینەوە دەبێت چەند بکات؟ عقوبەی غەرامە قاسی ترە و تەشدید ترە کە بەم شێوەیە دانراوە، یەعنی مناسەبەی نەکردووە کو(٢٠)دینار موقابیلی هەر ڕۆژێک حەپس بێت، ئەگەر دوو ساڵ بێت لەوانەیە عقوبەکی موتەراکیم بێت، چونکە (١٠)زیاتر دەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بە قانونی پێشتر بەم شێوەیە هاتووە.

**بەڕێز نمر کچو هسام(وزیری هەرێم):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ بەم شێویە هاتووە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شـــێـــروان ناصح حـــیـــدری:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن.**

من یەک پێشنیارم هەیە، بەنیسبەت حەپس هەتا (٥) ساڵ جائیزە، یەعنی هەتا ئەگەر جەریمەی موتەعەدیدیش نەبێت، لەوانەیە لە(١) جەریمە هەتا (٥) ساڵ مەحکەمە حوکمی بدات، لێرە لە دوو ساڵ زیاتر غەرامەکەی حیساب نەکرێت بەراستی، مەسەلەکە ئەوەیە، مەسەلە تەداخوول نییە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

یەعنی لە جێگای خۆیەتی، زۆر سوپاس، تکایە ماددەکە جارێکی تر بخوێننەوە بۆ ئەوەی بیدەینە دەنگدان.

**بەڕێز محـــمـــد ســـعـــیـــد احـــمـــد یعـــقـــوبی:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن.**

ثالثاً: اذا كانت الجريمة معاقباً عليها بالغرامة فقط فتكون مدة الحبس التي تقضي بها المحكمة في حالة عدم دفع الغرامة يوماً واحداً عن كل عشرين ديناراً على ان لا تزيد مدة الحبس في كل الاحوال عن سنتين.

**بەڕێز ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

زۆر سوپاس، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی سێیەم پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە، تکام لە هەموو ئەندامەکان دەکەم دەستیان بەرز کەنەوە، چونکە بێ دەنگی نییە، دەبێت ڕەئی خۆتان بڵێن کێ پەسەندی دەکات و کێ پەسەندی ناکات، زۆر سوپاس، ماددەکە بەگشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی چوارەم.

**بەڕێز محـــمـــد ســـعـــیـــد احـــمـــد یعـــقـــوبی:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن.**

رابعاً: ايقاف العمل بأحكام الفقرة الثالثة من قرار مجلس قيادة الثورة المرقم(١٠٤) في٢٧/١/١٩٨٨.

**بەڕێز ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

شەرحێکی بەسیتی بۆ بکەن بۆ ئەوەی بزانین چیە؟

**بەڕێز کـــاکـــەڕەش مـــحـــمـــد نقـــشـــبندی:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن.**

بەڕێزان فەقەرەی سێ کە ئیشارەتی پێدرا، ئەوە نەسەکەیەتی(تکون الأحكام و القرارات الصادرة

في الدعاوي والجنح بالغرامة التي لا تزيد عن ١٥٠٠دينارا باتا، بإستثناء الجنح المخلة بالشرف فأن أحكام قرارات صادرة فيها تكون خاضعة لطرق الطعن بمقتضى القرار)، ئێستا بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن بەم شێوەیە هاتووە، تەنیا ئەو جەرائیمانەی موخیلە بەشرف حەقی هەبوو کابرا غەرامەکە بدات و تەعنی لێ بدات، ئێمە دەمانەوێت سەربەخۆیی بدەینە هاوڵاتی بۆ ئەوەی تەعن لە هەر قەرارێک بدات کە حاکم غەرامەی دەدات، هەر قەرارێک دەتوانی تەمیزی قەرارەکەی بکات، بۆ ئەوەی هاوڵاتی مەحروم نەبێت لە حەقێک، چونکە حاکمە، وا تەسەور دەکات غەدری لێ کرا . وا مەجالی هەبێت تەعن لە قەرارەکە بدات، ئەوە بە موتلەقی هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە، ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە دەستیان بەرز کەنەوە، کاک د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم محمد قاسم(د.رزگار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دکەم (مجلس قيادة الثورة)نەمێنێ، یەعنی (إيقاف العمل بأحكام) کافیە، ئەو (مجلس قيادة الثورة) نەبێت، موجەڕەدە یەعنی قەرار دیارە رەقەمی دیارە ئەوی تر پێویست ناکات، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئێمەش پێشنیارێکمان هەیە، ئەگەر بەنەزری ئیعتیبار وەربگیرێ، یان وەلامێکمان بدەنەوە، (ايقاف العمل)بە عام نەبێت، هەر چەندە خۆی تەحسیل حاسڵە، بەڵام بۆ دیقەت باشترە، ئێمە قەرار بۆ ئێرە دەردەکەین یان قانون بۆ ئێرە دەردەکەین، (ايقاف العمل في إقليم كوردستان بأحكام الفقرة.....)، تحصيل حاصلە خۆی، فەرموو وەڵامی د. رزگار بدەنەوە، فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ چی تێدا هەیە، خۆی قەرارەکە ئەو دەریکردووە، ئێستاش قەرارەکەمان پێ باش نییە لایدەبەین، یەعنی ئەوە نییە تەئیدمان کردبی قەرارەکە لادەبەین، لەوانەیە مجلس وزرا قەرارەکە دەردەکات، لەوانەیە دیوانی ریئاسە قەرارێک دەردەکات، با ئیلتیباسێک پەیدا نەبێت لەو شتانە، تەئیدیشمان نەکردیە و لایدەبەین، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا محمد تاهیر ئەگەر ئەم کێشەیەمان بۆ چارەسەر بکات، (يوقف) یان (إيقاف).

**بەڕێز مـــلا مـــحـــمـــد طاهر زین العـــابدین:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومــــەن.**

بۆ ئەوەی نەسەکە تەواو ببێت (یوقف العمل بأحکام)، باشترە.

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومــــەن:**

زۆر سوپاس، تکایە ماددەکە جارێکی تر بخوێنرێتەوە.

**بەڕێز مـــحـــمـــد ســـعـــیـــد احـــمـــد یعـــقـــوبی:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومــــەن.**

رابعاً:یوقف العمل في اقلیم کوردستان ـ العراق بأحکام الفقرة الثالثة من قرار مجلس قیادة الثورة المرقم(١٠٤) في٢٧/١/١٩٨٨.

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومــــەن:**

زۆر سوپاس، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی چوار پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس ماددەکە بەگشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی پێنجەم.

**بەڕێز مـــحـــمـــد ســـعـــیـــد احـــمـــد یعـــقـــوبی:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومــــەن.**

خامساً: یعاقب بالحبس على السرقة التي تقع في غیر الاحوال المنصوص علیها في المواد(٤٤٠) لغایة(٤٤٥) من قانون العقوبات رقم(١١١) لسنة ١٩٦٩المعدل ویجوز تبدیل العقوبة المقررة في هذه الفقرة الى الغرامة التي تزید على(٣٠٠)دینارا اذا کانت قیمة المال المسروق لا تزید على (١٠٠) دینار.

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومــــەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە تێبینیان هەیە دەستیان بەرز کەنەوە، کاک فاتح فەرموو.

**بەڕێز فـــاتح مـــحـــمـــد امـین:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومــــەن.**

وا بزانم سزا لەسەر کردەوەکەیە نەک لەسەر چەندیەتی کردەوەکە، کە لێرە سزا دەدرێت لەسەر دزی دەدرێت، جا ئەگەر(١٠٠) بێ یان(٢٠٠) بێت، وا بزانم ئەگەر سەیری شەریعەتی ئیسلامی بکەین کە هاتووە لەسەر دزی حوکمی خۆی هەیە کە دەڵێت(السارق و السارقة فاقطعوا أیدیهما) نەی گووەتوە ئەگەر بزنێکی دزی دوو پەنجەی ببڕن، ئەگەر حوشترێکی دزی هەموو دەستی ببڕن، یەعنی لێرە سزاکە لەسەر کردەوەکەیە نەک لەسەر چەندیەتی کردەوەکە، ئەگەر ئەم ماددەیە لەگەڵ ماددەی شەش و پێنج دا بەراوورد بکەین مەسەلەن دەڵێت (یعاقب بالسجن المؤبد مرتکب جریمة

سرقة السيارات) فەرقی چیە لەگەڵ دزینی مەخزەنێکا، دەتوانی تۆ ئەو کردەوانەی کە لە دوایی روو دەدات لە دزینی سیارەکە شتی تر مەسەلەن پیاو ئەکوژێ یان جەریمەکی تر دەکات ئەوە رەبت بکرێت بە شتێکی ترەوە، بەڵام دزی هەر دزیە ئەگەر(١٠٠)بێت یان (٢٠٠)یان(١٠٠٠)بێت، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز ملا محمد طاهر زين العابدين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت سەریقەوە تەبعەن شەرت و شروتی خۆی هەیە، حیزر و میزری هەیە، زۆر بەزەحمەت عەینی شت هەتا ئەو حەددەی لەسەری دێتە دی، مەسەلە ئەوە نییە کە تەنها ناوی سەریقە بێت ئیتر موستەحەقی ئەوە بێت کەوا دەستی ببرێت، لەگەڵ رێزمدا، بۆ کاک فاتح، شتی ترم تەبعەن لەسەری هەیە کە ئەویش( ويجوز تبديل العقوبة المقررة في هذه الفقرة في هذه المادة)، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز جمیل سندی.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەسڵێ مەشروعی هاتبی (بالغرامة التي لا تزيد على٢٠٠دينار) ئەگەر بەرێ خۆ بدەینە وەزعی هاوولاتی، دێتە بەر ئاخافتن وەزعی هاوولاتیش، لێرە زیاتر عقوبەیە، ئەسڵی پرۆژەش لە رێئاسەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە هاتووە (بالغرامة التي لا تزيد على ٢٠٠ دينار اذا كانت قيمة المال المسروق لا تزيد على مائتي دينار)، ژ(٢٠٠) دینار یەکسەر ببێتە (٣٠٠) دینار، بەتایبەتی (يجوز تبديل) یەعنی بۆ تەقدیری حاکمە، ژ بەر هەندێ، من وا دەبینم وەکو خۆی بمینێتن (بالغرامة لا تزيد على مائتي دينار)، گەر بەرێ خۆتان بدەنە وەزعی هاوولاتیش چەند وەزعێکی موزرییە، چەند ناخۆشە، نەکو ئەوا هایلایف بژی ئان وەزعی وی زۆر زۆر باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من باوەڕ ناکەم تۆ دیفاع لە هاوولاتی بکەی، ئەوە دیفاع نیە لە هاوولاتی، ئەوە دیفاعە لە هاوولاتییەکی موخالیف، (٣٠٠) دیناری نیە، دەچێتە حەپسەوە، حەپس دەکرێت، با دزی نەکات، فەرمووە کاک جەمیل.

**بەڕێز جـــــمـــــیل عـــــبــــــدی سندی:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئەنجــــومــــەن.**

دێته بەر ئاخافتن ئیمام عومەر خوتبەیەکی داشت، راسته دەست برینی راوەستاند، گوتی بەرێ خۆ بدەنە زوروفی خەلکی ژی. ئێـساش منالێکه تووشی مـوشکیلەیەک بوو ئان نەستـەلەیەک ئان چەند نەسـتـەلەیەک دزی، یەعنی بۆ منالی من هەمـوو شـتـێک بخـوات، قـوربەسـەرێک ئان هێتیمێک شتەکی نەخواتن، دەبێت ئێمە سەیری وەزعی ئەوانیش بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن:**

زۆر سوپاس کاک جەمیل، بەڕێز کاک فەرسەت فەرموو.

**بەڕێز فــــرست احــــمــــد عــــبــــدالله:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئەنجــــومــــەن.**

ئەگەر بێتو تەماشای پرۆژەی یاساکە بکەین، تەماشای دەکەین تەنزیمی دوو حالەت دەکات، مەوزوعێکی عامە ،ئەویش غەراماتە بەنیسبەتی هەمـوو تاوانەکان، پاشان نەقل دەبێت دەچێتە مـەوزوعـێکی تایبـەت، ئەویش مـەوزوعی دزیە، ئەو بابەتە لەگەڵ برادەرانی ئەندامـانی لیـژنەی یاسایی پێش وەخت موناقەشەمان کرد، تەقریبەن ئەوانیش هەمان بۆچوونیان هەبوو، باشتر وا بوو، ئەگەر بێتو پرۆژەی یاسایی مەحسوور بێت لەسەر غەرامات و، پرۆژەیەکی تر هی دزین بە جیاوازی بێتە تەنزیم کردن، ناحیەی هونەری و ناحیەی صیاغە باشتر دەبێت ئەوە لە لایەک، ئەگەر بێتو نەکرێتن ئان برادەران تەماشا بکەن زەحمەتە، ئێستا بێتە چارەسەر کردن، تەعدیلی هەر یاسایەک ئەوەیە چارەسەری موشکیلەیەک بکات، بە حوکمی تەخەسوسی. من ناحیـەی یاسایی ئیحتیکاکمان لەگەڵ برادەرانی حاکمەکان کردووە، ئەوەی من دەزانم کێشەی سەرەکی مەحاکم دوو بریار بوون لە ماوەی شەڕی عێراق و ئێران دەرچوو بوو، هەر تاوانێک پاش ئاوا بوونی رۆژ بێتە کرن دوور نیە دزینی مریشکێک حوکمی لە سێدارەدان بێت، پاش ئینتیـفازە تووشی موشکیلەیەک بوون، لەسەر شتێکی سادە کابرا حوکمی لەسێدارەدانی وەربگرێت، هەستان چیان کرد، مەجبوور بوون تەخفیفیان دەکرد بەگوێرەی ماددەی (١٣٢) لە یاسای سزاکان، دەیان کردە موئەبەد، لە موئەبەد زیاتر هیچ مەجالیان نەبوو سزاکە دابەزێنن و، ئەو موشکیلەیە تاکو ئێستا ماوە، مادام ئەو پرۆژەیە چارەسەری چەند حالەتێکی دزی دەکات، وەکو بە عەرەبی دەڵێن (من باب اولی) چارەسەری مەوزوعی سەرەکیان کرد، رێزدار وەزیری عەدلیش لێرە دانیشتووە و، وەزیری ناوخۆش لێرە دانیشتووە، نوێنەری حکومەتیش بەڕێز حاکم نەمر لێرە دانیشتووە، هەرسێکیانیش وابزانم ئاگاداری ئەو وەزعەنە، بۆ چارەسەری ئەو وەزعە یان لە هەمان پرۆژە چارەسەری بکەین، ئەو دوو بڕیارە رابگرین و جارێکی تر کار بە ماددەی (٤٤٤) بکرێت، یانیش بۆ ئەو مەوزوعە ئیکتیفاء بەو حەددە بکەین بۆ تەنزیم کردنی غەرامات، ماددەکانی تر

تەئجیل بکەین و لیژنەی یاسایی بە ئیعتیبار پێویستی بەوە ناکات کە پرۆژەیەکی تازە تەقدیم بکرێت، چونکە ئەسڵی پرۆژەیە دەبێتە دوو بەش، لیژنەی یاسایی بەڕێزان ئەندامانی ئەو لیژنەیە چارەسەری ئەو وەزعە بکەن بە پرۆژەیەکی تایبەت، یانیش چارەسەری کەموکوڕیەکە بکەن و، بە چارەسەر کردنی ئەو کەموکوڕیەش، لەوانەیە لەو دانیشتنەدا فریانەکەون دیراسەتی بکەن و تەسبیتی ئەو دوو بڕیارە بکەن، هەر چەندە من حەز دەکەم رای لیژنەی یاساییش بزانین و، بەڕێزان وەزیرەکانی تایبەتمەند بەو مەوزوعە، ئەگەر پەرلەمان ئاگادار بێت، دوور نیە برادەران زیاتر ئاگاداری وەزعەکە بن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فعلەن وەکو گوترا ئەو دوو بڕیارەی کە هەیە (١١٣٣) لە (١٩٨٢/٩/٢)، لەگەڵ (١٦٣١) لە (١٩٨٠/١٠/٣٠)، ئەو دوو بڕیارە هەموو دزیەکانی کە لە ماددەی (٤٤٠)دا هاتووە، هەتا ماددەی (٤٤٥) هەمووی تەشدیدی سزای تێدا کردووە، تەشدیدی سزاکەش هەمووی بە لایەنی لەسێدارەدان ڕۆیشتووە، فعلەن وەکو جەنابی سکرتێر فەرمووی دائیمەن حوکمەکان بە لاپەرە (١٣٢) تەسجیلی سزاکە دەکەن لە لەسێدارەدان دەیکەنە موئەبەد، فعلەن ئەوە شتێکی نارێکە بۆ هەموو تاوانێک بەو شێوەیە بڕوات، بەس وا تەسەور دەکەم ئەو مەوزوعە لەگەڵ جەنابی نوێنەری ئەنجومەنی وەزیران باس کرا، وا تەسەور دەکەم راگرتنی ئەو دوو بڕیارە پێشکەش کراوە یان نەکراوە، نازانم ئەوجا موافەقەت کراوە یان نەکراوە لە دوارۆژ، نازانم ئەوجا ئەوان رایان لەسەر ئەو دوو بڕیارە چ دەبێت، چونکە بە حەقیقەت ئەوە مەفروزە، بەڕێز وەزیری داد و حکومەت بەشێوەیەکی گشتی را لەسەر ئەو دوو بڕیارە بدەن، ئێمە وەکو لیژنەی یاسا رامان وایە کە ئەو دوو بڕیارە رابگیرێت، تاوەکو هەر تاوانێک بەپێی جەسامەتی خۆی تەعامولی لەگەڵدا بکرێت، تاوانێکی بچووک لەگەڵ یەکێ گەورە مەفروز نیە، بۆ نموونە دزینێکی گەورە و کوشتن نابێت تەعامول بکرێت لەگەڵ دزینی موزەخەیەک، بە حەقیقەت نابێت تاوانێکی بە تفەنگ بچێتە سەر ماڵێک و کابرای لە حەمامێ بکەن و هەتا ماڵەکەی تالان دەکەن و لەگەڵ کابرایەک بچێت دوو قەنەفە بدزێت یان کورسیەک یان مافورێک بدزێت، خۆی مەفروزە فەرق بکرێت، هەر تاوانێک بەپێی جەسامەتی تاوانەکە بێت، ئێمە لەگەڵ ئەوەینە ئەو دوو بڕیارە لابچن، بەس بەنیسبەت ئەو پرۆژەیەی کە ئێستا بیکەینە دوو پرۆژە، ئەگەر هاتوو برادەرانی حکومەت بڕیار بدەن کە ئەو دوو پرۆژەیە، ئەو بڕیارە رادەگرن، ئێمە لامان نیە ئەو ماددەیەی کە موتەعەلیقە بە دزین، ئەو ماددەیە رابگیرێت، هەتا ئەوان ئەو دوو بڕیارە جێ بەجێ دەکەن، عەجەبا ئەوجا دەیکەن یان نایکەن،

ئەگەر نا با بڕوا ئەو مەوزوعە، ئەگینا ئێستا مەوزوعی تاوانی سەیارە لە گۆڕێیە، دەبێت حوکمیان دەن بە لەسێدارەدان، فەرقیشی زۆرە دەبینی کابرایەک دەچێت سەیارە بە زەبری تفەنگ وەردەگرێت لەگەڵ یەکێ لە مزگەوت سەیارەیان لێ دزیوە، بە حەقیقەت دوو حالەتی جیاوازن، مەفروزە هەر یەکێک بە نەزەری ئیعتیبار وەربگیرێت، ئێمە بە باشمان زانی بە موئەبەد حوکمی بدەین و تەحدیدی بکەین، بۆ ئەوەی نەگەڕێینەوە بۆ ماددەکانی (٤٤٠ تا ٤٤٥) کە تەشدید کراوە بەو بڕیارە کە حوکم بکرێت بە لەسێدارەدان و، راش مەتروکە بۆ پەرلەمان، نازانم رای حکومەتیش بەنیسبەت ئەو دوو بڕیارە چۆن دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز مامۆستا هادی وەزیری داد فەرموو.

**بەڕێز هادی علی عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەندەی ئێمە ئاگادارین لە ئەنجومەنی وەزیران کاتی خۆشی باس کراوە و، لە وەزارەتی دادیش لەگەڵ حاکمەکان و لەگەڵ تەدوینی یاسایی باسی غەرامات کراوە و، هەروەها باسی ئەو چەند ماددەیە لە یاسای سزاکان کراوە، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە دزینەوە هەیە، هەر دووکیان باس کراون و لەو بارەیەوە پرۆژە نێردراوە بۆ پەرلەمان و بۆ ئەنجومەنی وەزیران، هەتا کاتی خۆی لە ئەنجومەنی وەزیران لیژنەیەک پێک هێنرا، موراجەعەی هەمووی کردەوە، دوایی لە تەدوینی یاسایی موراجەعە کراوە و نێردراوە، یەعنی هەمووی پێکەوە بوو، ئێستا من پێم باشە ئەمەی کە لێرە دەکرێت، وەکو کاک فەرسەت وتی من پشتگیری پێشنیارەکەی دەکەم، ئەوەی پەیوەندی بە غەراماتەوە هەیە، وەکو یاسای پرۆژەیەک یان بڕیارێک، ئەوە ئێستا تەسبیت بکرێت بە جیا باشە، ئەوەی کە پەیوەندی بە دزینەوە هەیە بکرێتە پرۆژەیەکی تر، ئەگەر لە دانیشتنێکی تری پەرلەمان دیراسەتی لەسەر بکرێت و رای لەسەر بدرێت باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، هیچ تەعقیبی تر هەیە لەسەر ئەو مەوزوعە، فەرموو کاک د. لەتیف.

**بەڕێز د. لطیف محمود احمد برزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری پێشنیارەکەی بەڕێز سکرتێری پەرلەمان دەکەم و، ئیشکالێکیش لە لام دروست بووە لە بڕیاری ژمارە (٥) لە (١٩٩٨/١/١٧) (مجلس قيادة الثورة) دەڵێت (تحل عقوبة الحبس محل عقوبة الغرامة أينما ورد في قانون العقوبات العراقي رقم (١١١) لسنة ١٩٦٩)، لەبەر ئەوەی بەو بڕیارە ئیلغای سزای غەرامەی کردووە، کە ئێمە ئێستا کەمی دەکەین یان زیادی دەکەین، جا من پێم باشە ئەم شتە تەئجیل بکرێت بۆ ئەوەی ئەو فەقەرەیەش ئیلغاء بکرێت یان

ئیزافەیەکی بۆ بکرێت، یان ئیشکالەکە حەل بکرێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارەکە تەئجیل نیە، پێشنیارەکە ئەوەیە، ئەوەی کە پەیوەندی بە غەراماتەوە هەیە، ئێستا بە یاسا دەربکرێت، ئەمە یەکەم شت، ئەوەی کە پەیوەندی بە دزینەوە هەیە، یەعنی حوکمی ئوسوولی بدرێت، وەکو جاران پێش ئەو بڕیارەی (٨٨) ئەوە بە پەلە، ئەگەر ئەنجومەنی وەزیران پرۆژەیەکمان بۆ بنێرن، تاکو پەرلەمانیش پەلەی تێدا بکات، زوو بڕیاری لەسەر بدات، لەگەڵ ئەوەی کە لە (١٩٩٨)ەوە دەرچووە، دوای (٩/٨) ڕاپەرین دەرچوو بێت، نافذی مەفعول نیە لە هەرێمی کوردستان، فەرموو کاک شێروان حەیدەری.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە حەقیقەت ئەو پرۆژەیەی کە هاتووە، چارەسەری مەوزوعی غەرامات دەکات لە یاسای سزاکان کە مەبدەئێکی عامە و، زۆربەی ماددەکان بەوە بەستراوە، جگە لەو ماددەیەی کە ئێستا خوێندرایەوە پەیوەندی بە دزینەوە هەیە، من وای بە باش دەزانم ئەگەر ئەو دوو بڕیارە بێت لەگەڵ ئەو برگەیە دەمج بکرێت بە پرۆژەیەکی تایبەت ئەوە لە ناحیەی تەبویبیش ڕێکوپێک ترە، ئەو یاسایەش لە جێگای خۆیەتی کە ناوی لێ دەنێین یاسای غەرامات، چونکە چارەسەری غەراماتە لە یاسای سزاکان تەنها تایبەتە بەوە و، من ئومێد دەکەم لە وەزیری داد غەرامات تەنها لە یاسای سزاکان نیە، لە زۆربەی مەوادی سزا لە قەوانینەکانماندا هەیە، ئومێد دەکەین کە پرۆژەی لاحیقیش بێت بەپێی قەوانین، نەک تەنها یاسای سزاکان بگرێتەوە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش لاریمان نیە کە ئەو دوو ماددەیەی موتەعەلیقە بە دزین تەئجیل بکرێت، بەزووترین کات، چونکە ئێستا مەوزوعی دزینی سەیارە زۆر لە گۆڕێیە، بە سەراحەت هەیە تاک تاک دەبێت و، مەحاکم پەکیان کەوتووە نازانن چۆن حوکم بدەن، دەبێت یەکسەر حوکمی لەسێدارەدانی بدات، ئەوجا ئەو سەیارەیە لە پێش مزگەوت دزرا بێت یان بە زەبری تفەنگ، هەر دووکی هەمان شتن، لەبەر ئەوە ئەگەر برادەران لە ئەنجومەنی وەزیران بە زووترین کات ئەو پرۆژەیە بنێرن، هەم ئیتفاقی عەمەل بێت بەو دوو بڕیارە، ئەو مەوزوعی دزینی سەیارانە پەیوەندی بەو دزینانەوە هەیە، بە زووترین کات بۆمان بنێرن و، ئێمەش بەزووترین کات دیراسەتی دەکەین و عەرزی بەڕێزتان دەکەین، بۆ ئەوەی عەرزی پەرلەمان بکرێت، خراپ نیە ئەو ماددانە تەئجیل بکرێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە رای بەڕێز وەزیری داد و نوێنەرانی حکومەت و لیژنەی یاسایی بەو شێوەیەیە، ئەو دوو ماددەیەی هاتووە لەم پرۆژەیە لاببرێت بچێتە سەر پرۆژەیەکی تر، دەیخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ئەو پێشنیارە پەسند دەکەن ئەو دوو ماددەیە جیا بکرێنەوە لەم یاسایە لە یاسایەکی تری ئایندەی نزیکدا دەربچێت دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، بەگشتی دەنگ پەسند کرا، ماددەی پێنجەم و شەشەم دەخرێتە لایەکەوە ماددەی حەوتەم دەبێتە پێنجەم فەرموو بیخوێنەوە.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة:

لايعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟، دیارە نیە دەیخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی پێنجەم پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، بەگشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی شەشەم.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السادسة:

على مجلس الوزراء تنفيذ أحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟، دیارە نیە دەیخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی شەشەم پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، ماددەی شەشەم بەگشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی حەوتەم.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السابعة:

يعمل بأحكام هذا القانون اعتبارا من تأريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟، دیارە نییە دەیخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی حەوتەم پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، ماددەی حەوتەم بەگشتی دەنگ وەرگیرا،ئێستا هەموو یاساکە دەخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە هەموو یاساکە پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، بە گشتی دەنگ هەموو یاساکە وەرگیرا، زۆر سوپاس.

خاڵی دووەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان، کاک فەرسەت دەڵێ چارەگێک یان نیو سەعات پشوو دەدەین، دوای ئەوە دەست بە یاسای حزبەکان دەکەین.

بەردەوام دەبین لەسەر کاروباری دانیشتنەکەمان، خاڵی دووەمی بەرنامەی کارمان:

هەموار کردنی یاسای حزبەکانی هەرێمی کوردستانی عێراقە، تکایە جارێکی تر پرۆژەکە بخوێننەوە.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بسم الله الرحمن الرحيم

بإسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار:

تأريخ القرار:

إستنادا لأحكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة (١٩٩٢) المعدل، وبناءاً على ما عرضه وزير الداخلية و وافق عليه مجلس الوزراء، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتأريخ / / تشريع القانوني الاتي:

المادة الاولى:

تعدل الفقرة (١) من المادة الثالثة وتكون كالاتي:

١ ـ لكل مواطن من مواطني اقليم كوردستان العراق والساكنين فيه بصورة دائمية ممن تتوفر فيهم الشروط حق المشاركة في تأسيس الاحزاب.

المادة الثانية:

تضاف الفقرة التالية على المادة الرابعة ويكون تسلسلها (٦) وكالاتي:

٦ ـ ان لا يتعارض منهاجه ونظامه الداخلي مع النظام العام.